ترەمپ: دەمانەوێت پێکهاتەی سەرکردایەتی ئێران بەتەواوەتی بگۆڕین



دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا رایگەیاند، دەیانەوێت پێکهاتەی سەرکردایەتی ئێران بەتەواوەتی بگۆڕن و چەند ناوکیان لایەک کە دەکرێ ببنە "سەرکردەی باش" بۆ ئێران و هەوڵدەدەن ئەو کەسانە لەم جەنگەدا نەکوژرێن.

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ کەناڵ ئێن بی سی، لەبارەی ئێران رایگەیاند، دەمانەوێت دەستوەردان بکەین و هەموو شتێك پاکسازی بکەین، کەسێکمان بۆ ڕێبەرایەتی ئێران ناوێت کە لەماوەی 10 ساڵ دیسان هەمان ڕژێم بونیادبنێتەوە.

جەختیشی کردەوە کە دەیانەوێت پێکهاتەی سەرکردایەتی ئێران بەتەواوەتی بگۆڕن.

وتیشی، "ڕێبەرێکی لێهاتومان دەوێت بۆ ئێران، ناوی هەندێك کەسمان لایە پێموایە دەتوانن کاری باش بکەن." بەبۆ ئەوەی ناوی هیچیان بهێنێت. بەڵام ئاماژەی بەوەدا، هەنگاوی پێویست دەنێن تا ئەو کەسانە لەم شەڕەدا نەکوژرێن و وتی"ئێمە چاودێریان دەکەین."

لەبارەی لێدوانەکانی دونیای وەزیری دەرەوەی ئێرانیشەوە کە وتبوی، وڵاتەکەی ئامادەیە بۆ روبەڕووبونەوەی هەرشی زەمینی هێزەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل. تەمپ وتی، هەرشی زەمینی، کات بەفیڕۆدانە، ئەوە بژاردەیەک نییە لەئێستادا خرابێتەوو.

وتیشی، هەرشی زەمینی "کات بەفیڕۆدانە، ئێرانییەکان هەموشتێکیان لەدەستداوە، هێزی دەریایییان لەدەستداوە، هەموشتێك کە دەکرێت لەدەستی بدەن، لەدەستیان داوە."

جەختیشی کردەوە کە هەرشەکانیان بەچۆو بەهێزتری بەردەوام دەبن.